# زیادبوونی ڕێژەیی گەنج و کەمی دەرفەتی کار

## رانیه وەکو نموونه







گەنجی کوردستان لە قۆناغە مێژووییەکانی گەلەکەماندا ڕۆڵ و پێگەی گرنگیان لەبزووتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی هەبووە، بگرە بە بەنرخترین سەرمایەی مرۆیی دادەنرێت، لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەکۆمەڵگەیەکی گەنج ناودەبرێت، بەو پێیەی گەشەی گەنج زۆر خێرایەو بەرێژەی لە ٦٠٪ی کۆمەڵگاکە لەتەمەنی ١٥- ٣٥ ساڵیدایە و بەبەردەوام ئاستی پێداویستی و خواستەکانیان لەزیادبووندایە، هەربۆیە ئەمڕۆ ئەم توێژە گرنگەی ناو کۆمەڵگە هەست بەپەراوێزخستن و کەمی هەلی کار دەکەن، بەشێکی زۆری ئەو گرفتانەش بۆ کەمی ئەو پرۆژانە دەگەڕێتەوە کە گەنج داخوازی لەسەری دەکات و لەبەر کەمی بودجە نەتوانراوە بەخێرایی بۆیان جێبەجێ بکرێت، واتا لە ئاکامی ئەو کاولکاریی و وێرانیەی کە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا بەسەر کوردستاندا هێناویانە ناچار حکومەت ڕووی لە بونیاتنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکە کردووە، ئەمەش وایکردووە پەرەپێدانی مرۆیی بەهاوتەریبی پەرەپێدانە ئابوورییەکە ئەنجام نەدرێت، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان کە تارادەیەکی باش ئەو وێرانکارییەی تێپەڕاندووە گەنج ئەو مافەی هەیە داوای پڕکردنەوەی خواستەکانی بکات و کەموکوڕییەکان چارەسەر بکرێن، چ لەبواری دابینکردنی هەلی کاری باش و گونجاو یا لەدابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و پەیڕەوکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یا لەپێدانی دەرفەتی زیاتر بۆ بڕیاردان و وەرگرتنی پۆستە ئیدارییەکان، بوونی کەموکوڕیی لەم بوارانەدا ڕێگرە لەبەردەم بەرهەمهێنانی گەنجێکی داهێنەرو بەتوانا، تەنانەت تواناکانی زۆرینەی کۆمەڵگا بەفیڕۆ دەچێت

و کاریگەریـــی نێگەتیڤـــی لەســـەر قۆناغی ئەمڕۆ دوارۆژمان هەیە.
مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە کارێکی ئاســان نییە بەتایبەتی بەرامبـــەر بەتوێژێکی گرنگ و بزوێنەری ناو کۆمەڵگا، کە بیروبۆچوون و ئارەزووەکانی جیاوازە لەقۆناغەکانی پێش راپەرین و تەنانەت لەســەردەمی راپەرینیشدا، ئەم واقیعە تا دووربکەوینەوە لەسەنتەری شــارە گــەورەکان زیاتــر دەردەکەوێــت، هەربۆیە لە گەنجی قــەزاو ناحیەو گونــدەکان چاوەڕوانی چی بەرپرســیارێتیەکیان دەکرێت؟ لەکاتێکــدا لەئاکامی نغرۆکردنــی هەرێمەکــە بەبەرهــەم و بەرووبوومــی کشــتوکاڵ بیانــی دەرفەتی کاری کشتوکاڵیشــیان لەدەستداوە، یا لە غیابی وەبەرهێنان و نەبوونی کارگەو پیشەســازیی دا چۆن حکومــەت دەتوانێت هەلی کار لەکەرتــی تایبەت بۆ ئەو هەمــوو دەرچووەی زانکۆو پەیمانگاکان دابین بکات ؟ تەنانەت بوونی گەنج لەناو دامودەزگا حکومیەکان هیچ کاریگەریی لەسەر بڕیارو ئاراســتەکان نییە، چونکە زۆربەی پۆستەکان بەدەست گەنجەوە نییەو بگرە کۆمەڵگا بەدامەزراویی نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی ئافرەت کە نیوەی پێکهاتەی گەنجە بەدەست رەگەزی نێرەوە چەوســانەوەیەکی دیکەشیان لەسەرە.
ئەوەی لەم راپۆرتەدا باسی دەکەین ئەوەیە؛ چۆن بتوانین رۆڵی گەنج بگۆڕیــن و لەگۆڕانکارییەکاندا پێگەی راســتەقینەیان بۆ بگێڕینەوە؟ بۆ ئەمەش زیاتر پشت دەبەســتین بەخەملاندنەکان و هەڵبژاردنی نموونەیەك، چونکــە ناکرێــت لەنەبوونــی ئامــارو رووپێوەکاندا دەستەوەستان بووەستین لەکاتێکدا بەنرخترین سەرمایەی مرۆیی لەم کۆمەڵگەیە بەفیڕۆ دەچێت، لەقۆناغێکدا کە بۆ بونیاتنانی نەتەوە زۆر پێویستمانە.
لەسەردانێکی تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ دەڤەری رانیە ئەو راســتیەمان بۆ دەرکەوت، کە گەنجی وڵاتەکەمان بەتایبەتی گەنجانی دانیشتووی دوور لەسەنتەری شارە گەورەکان تارادەیەك بەپەراوێزخراون. گەنجان کە بەدەست چەندین دیاردەو گرفتی بێکاری راستەقینەو بێکاریی شاراوەو نا دادپەروەریی گیرۆدەبوون، لە کاتێکدا دەیان گەنجی بەهرەمەندو بەتوانا بوونیان هەیە، لە بوارەکانی وەرزش و هونــەرو پیشــەیی و خوێندنــەوە گەنجی بەهرەمەنــدو ئارەزوومەند هەیە کــە دەرفەتیان کەمە، گەنج پێویســتی بەوە هەیە گوێبستی داخوازییەکانی بن و رێزی لێبگیرێت نەك هەســت بە هاووڵاتیبوونی نەکات، بە پێچەوانەشــەوە بە پەراوێزخستنی گەنج و بەفیڕۆدانــی تواناکانــی هۆکارێکە بــۆ دەرکەوتنی گەنجێك کە بڕوای بە دیالۆك و گفتوگۆ نەبێت و کار بکات بۆ سڕینەوەی بەرامبەر.



**هیوا قەرەنی قایمقامی رانیە بۆ ( گوڵان):**

# گەنج لە رانیە زۆر زیادیکردووە، بەڵام کەمی بودجە رێگرە لەبەردەم دابینکردنی خواست و داواکاریەکانیان

گەشەی دانیشتوان لەقەزاو ناحیەکاندا بەخێرایی زیاد دەکات بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایدا کە تارادەیەکی باش کار بۆ باشکردنی ژێرخانی ئابووری ئەو ناوچانە کراوەو داهاتی تاکەکەسیش رووی لەهەڵکشان کردووە، گەر بێتوو قەزای رانیە وەکو نموونەیەك وەربگرین دەبینین ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتۆتە ٢٣٠ هەزار کەس بەرادەیەك لەساڵی ١٩٩١ لەناو سەنتەری شاری رانیە تەنیا ٨ گەڕەکی تێدابوو ئێستا زیاتر لە ٣٨ گەڕەك لەخۆ دەگرێت، هەربۆیە داواکاری لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەبەردەوام روو لەزیادبوونە، کۆمەڵگەی رانیە کە کۆمەڵگەیەکی گەنجانەیە بە پێی ئەو خەملاندنەی کە لەساڵی ١٩٩٦ لەناو رانیە تەنیا ٢ قوتابخانەی ئامادەیی و ٣٠ قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی هەبووە کەچی ئێستا ٩ قوتابخانەی ئامادەیی هەیەو هەر قوتابخانەیەکیش ١٠٠٠ قوتابی کەمتری تێدا نییە، بەواتا رێژەی گەنجان زۆر بەخێرایی زیاد دەکات ؛ لەم رووەوە هیوا قەرەنی لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان وتی : کەمی بودجە رێگرە لەبەردەم دابینکردنی ئەو پرۆژەو پێداویستیانەی کە گەنج خواستیان لەسەری هەیەو داوای دەکەن، تەنانەت هەلی کاریش لەم دەڤەرە بەپێی زیادبوونی خێرای دانیشتوان و خواستی گەنجان نییە بەرادەیەك ئێستا ٢٠٠٠ دەرچووی زانکۆو پەیمانگا هەیە کە بیمەی بێکاری وەردەگرن و دانەمەزراون، بەدەیان دەرچووی دیکەش چاوەڕێی دامەزراندنن . لەبواری وەرزشی و هونەریی و رۆشنبیریی کەموکورتیمان هەیە، یاریگای ستانداردو پێشکەوتوومان نییەو پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش پێویستی بەهۆڵی نوێ هەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکێکی قورسدایە، ئەویش دابینکردنی هەلی کارە بۆ گەنجان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی کەرتەکانی پەروەردەو تەندروستیی و شارەوانییە ؛ چونکە کەمی دەرفەتی کارو نرخی کرێ و نزمی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی گەنج و پێکهێنانی هاوسەرگیریی و بەدیهێنانی حەزو ئارەزووەکانیان هەیە، لەم رووەوە قایمقامی رانیە وتی: کەمی هەلی کارو خراپی رەوشی بژێوی گەنج و نەبوونی دەرفەتی یەکسان بۆ گەنجەکانمان بەیەکێك لەو مەسەلە هەستیارانە دادەنرێت کە پێویستە توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت و هەنگاوی پراکتیکی بۆ بنرێت، چونکە کەمی دەرفەت وایکردووە دیاردەی کۆچیش بۆ سەنتەری شارە گەورەکان سەرهەڵبدات، گەرچی سەرژمێریی و داتای ووردو زانستیمان نییە بۆ ژمارەی گەنج و پێداویستیەکانیان بەڵام بەخەملاندن و هەندێك زانیاریی تێبینی ئەو ئەرکە قورسە دەکەین کە لەداهاتوویەکی نزیکدا پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، بۆ نموونە لە زانکۆی راپەڕین لە رانیە ٢ هەزار خوێندکار هەیەو ئەوەندەی تریش سودمەندن لە بیمەی بێکاریی. قوتابخانەکان دوو سێ دەوامی تێدایەو بینای کۆنمان هەیەو لەزانکۆی راپەرین پێویستمان بەکۆلێژو بەشی نوێ هەیە، لەرووی میلاکات و مامۆستای وانە زانستیەکانەوە کەموکوڕی هەیە، لەرووی تەندروستیشەوە خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێویست نییە.

ئاشکرایە کە پەیوەندییەکی دوو لایەنە لەنێوان گەنج و کۆمەڵگا هەیە تاوەکو گەنج بتوانێت مافەکانی دابین بکرێت لەبەرامبەردا ئەرك و بەرپرسیارێتی دیار بێت ؛ ناکرێت لەکاتێکدا گەنج حەزو ئارەزووی لە کار بێت بەڵام دەرفەتی نەبێت و چاوەڕوانی داهێنانیشی لێبکرێت، لە دەڤەری رانیە ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەرفەت لەبەردەم گەنج دا لە قەزاکان و دوور لەسەنتەری شارەکان کەمە ؛ لەمبارەیەوە قایمقامی رانیە وتی: بەشێوەیەکی گشتی هەلی کاری باش و گونجاو لەدەڤەرەکەدا بۆ گەنج کەمە تەنانەت نرخی کاریش کەمە. گلەیی لەوەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان دەکەم کە لە رانیە بەپێی پێویست پرۆژەو کاری بۆ قەزاو ناحیەکەمان نەکردووە، تازە وا دوو یاریگای چیمەنی ١١ یاریزانی لەژێر جێبەجێکردندایە لەکاتێکدا لە رانیە بەدەیان تیپی یاریزانی هەیە کەچی یاریگایان نییە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی سیاسەتی کرانەوەی بازاڕ بەرووی بەرهەمی کشتوکاڵی ولاتانی دەوروبەر گەنجەکانی گوندەکانیش دەستبەرداری کاری کشتوکاڵی بوون و ئەوانیش بێکار بوون و دیاردەی کۆچی پێچەوانە لەگوندەوە بۆ شار زۆر زیادیکردووە.

قایمقامی رانیە پێی وایە حکومەتی هەرێم لەسەرجەم بوارەکاندا کارو پرۆژەی جۆراوجۆری ئەنجامداوە بەڵام گەر بەراورد بکرێت بەگەشەی خێرای دانیشتوان و گۆڕانکاری لە خواست و ویستی هاووڵاتیان و بەرزبوونەوەی سەقفی داواکارییەکان ئەوە پێویستە هەنگاوی خێراو جدیی زیاتر بنرێت لەم رووەوە بەرێزیان وتی : پێم سەیرە سەرمایەدارو دەوڵەمەندی ئەم وڵاتە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن لەلایەك تەنیا بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە بن و روو لەوەبەرهێنانی نیشتەجێبوون و کاری بازرگانی کەوتوون لەلایەکی ترەوە بەنرخێکی کەم خەڵکانی بیانی دادەمەزرێنن، هەربۆیە لێرەدا ئەرکی سەرشانی بەرپرسانی وەبەرهێنانە ئاراستەی کاری سەرمایە بگۆڕن و ئاسانکاریی و هاوکاریی ئەو بیزنسکارانە بکەن کە روو لەدەرەوەی سەنتەری شارە گەورەکان دەکەن و روو لەکەرتەکانی بەرهەمهێنان دەکەن، ژینگەی رانیە لەبارە بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراکی و کردنەوەی پرۆژەی کشتوکاڵی و بگرە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونیش، بەهەماهەنگی لەنێوان حکومەت و کەرتی تایبەت دەتوانرێت دەڤەرەکەمان ببوژێنرێتەوەو هەلی کاریش بۆ دەرچووان و گەنجان دابین بکرێت، لەم رووەشەوە بەهیچ شێوەیەك ماستەرپلان رێگر نەبووە لەدروستکردنی پرۆژە بۆ گەنجان. ئەو داواکاریی و ئارەزووانەی گەنج پێچەوانەی دابونەرتی کوردەواریی و ئاکاری ناو کۆمەڵگەمان نییە، ئەمڕۆ لە رانیەو دەڤەرەکەمان رێکخراویی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاك و بووێرمان هەیەو رۆڵیان لە پەرەپێدانی کۆمەڵگەو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی و هۆشیاری هەیە، گەنجی رانیە وەکو گەنجی شارەکانی تری هەولێرو سلێمانی و دهۆك بیر دەکاتەوە هەربۆیە پێویستە هەنگاوەکان لێرە خێراتر بکرێن تاوەکو لەدابینکردنی پێداویستی و هەل و خواستەکانیان یەکسان بن .

**لە رانیە بەدەیان دەرچووی کۆلێژو پەیمانگا هەیە بیمەی بێکاریی وەردەگرن، بە واتا رێژەی گەنج زۆر زیادیکردووەو گەشەی کردووە لەبەرامبەردا نەتوانراوە وەکو پێویست دەرفەتی کاریان بۆ دابین بکرێت**

**بەهیچ شێوەیەک ماستەرپلان رێگر نەبووە لەدروستکردنی پرۆژە بۆ گەنجان، داواکارم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم روو لەم دەڤەرە بکەن و کارو پرۆژەی باش و گەورە بۆ گەنجان جێبەجێ بکەن**

**گەنجی رانیە رۆشنبیرو بەهرەمەندن، هەربۆیە پێویستە هەنگاو بەرەو پرۆژە گەنجانەکان بنرێت**